
# 121
# پێناسەی تەلارسازی



ئامادەکردن:
ڤەهێڵ ئاسۆ
ڕاستی کاوێس
دۆستی دڵشاد

# 121 پێناسەی
# تەلارسازی

نوسین:
بێکی کوینتڵ

وەرگێڕان:
دۆستی دڵشاد
ڕاستی کاوێس

پێداچوونەوەی زمانەوانی:
ڤەهێڵ ئاسۆ

گرافیک:
ڕاستی کاوێس

قەبارەی کتێب:
21 * 15

نۆرە و ساڵی چاپ:
یەکەم 2021 زاینی

مافی بڵاوکردنەوە و چاپکردنی
ئەم بەرهەمە پارێزراوە

# پێشەکی

تەلارسازی ڕاستەقینە تواوەتەوە لە نێو کات و شوێن بۆ نموونە بینایەک لە بەڕازیل دروست دەکرێت جیاوازە لەگەڵ بینایەک کە لە چین دروست دەکرێت، دەکرێت هەندێک شتیان لێک بچێت بە بۆنەی سەردەمی بە جیهانبوونەوە بەڵام لە ناوەڕۆک جیاوازن هەر تەلارێک کە دروستدەکرێت تایبەتمەندی خۆی هەیە و ڕەچاوی ئەم کەشەی دەکرێت کە لێیەتی، ئەمەیە وایکردووە کە ڕوانین و تێڕامانی تەلارسازان بۆ تەلارسازی جیاواز بێت، لەم نامیلکەیە ئاشنای 121 پێناسەی جۆراو و جۆر دەبیت کە تەلارسازان کردوویانە بۆ بواری تەلارسازی.

بەهیوای سود...

1

تەلارسازی بێ گومان کردەیەکی سیاسییە ــ پیتەر ئایزنمان

2

تەلارسازی لە ڕادەبەدەر گرانە، مامەڵەکردن لەگەڵی سەختە ــ زوها حەدید

3

تەلارسازی بە پرۆسەیەکی هاوکاریەوە پێناسە دەکرێت ــ جۆشوا

4

تەلارسازی ڕەگەزێکە بۆ ڕامان و بیرکردنەوە و پرسیارکردن دەرباری جیهانی ئێمە و ئەو شوێنەی لێی دەژین ــ تۆم ماینی

5

تەلارسازی زانست و هونەرێکە دڵنیایی دەدات کە شار و تەلارەکانمان ڕێک کەوتووە لەگەل ئەو ژیانەی ویستوومانە. پرۆسەی بەدەرخستنەکە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و جیهانی فیزیکی ئێمە ڕەنگ دەداتەوە ــ بیارکێ ئینگلس

6

تەلارسازیی بێ بەزەییە، تەلارسازی ئەوەیە کە هەیە، کاردەکات یاخود نا، وە تۆ دەتوانی بە ڕونی جیاوازییەکان ببینیت ــ ژاکا هێرسوک

7

تەلارسازی پەیوەندییەکی بەردەوامی بە دەسەڵات و بە بەرژەوەندی گەورەوە هەیە، جا سیاسی بێت یان دارایی ـــ بیمارد تچومی

8

تەلارسازی نمونەیەکی چاکە بۆ تێکەڵەیەکی جوڵاو ـــ جێفری ئیناب

9

تەلارسازی زۆر لەوە مەزنترە کە مرۆڤێک وێنای دەکات — بین ڤان بێرکیل & کارۆلین بۆس

10

تەلارسازی تاقەتپروکێنە زۆرئالۆزە تەنها لەلایەن کەسیکەوە ئەنجامبدرێت بۆ تەنها کەسێک بۆ جێبەجێکردنی، حەزم بە هاوکاریکردنە ـــ ڕیچارد ڕۆگێرس

11

تەلارسازی کردەیەکی بەردەوام گەشبینییە ـــ نیکۆڵی ئۆریۆسف

12

تەلارسازی ڕاستییێکی دروستکراوە ـــ ماریۆ بۆتا

13

تەلارسازی تەژییە لە ڕۆمانتیک ئەوانەی کەوا بیردەکەنەوە پەیوەندی هەیە بە گۆڕانکارییە بچوکەکان بۆ دروستکردنی ژینگەیەک بۆ کۆمەڵگایەکی باشتر— مارک ویگڵی

14

تەلارسازی بۆ ئێمەیە، هاونیشتمانیانە، وە شێوەیەکی تەفرەدانانە وەردەگرێت ـــ ئەلێکساندەر لەینگ

15

تەلارسازی کردەیەکی نەتەوەکانە ـــ جۆن ڕوکسین

16

تەلارسازی خەونێکی بێوچانە وە نەخشەسازییە، دەربڕینی شارێکی نموونەییە و ئامرازی قایلکەرە ـــ ڕۆناڵد بارسیس

17

تەلارسازی نیشاندانی نیشاندەری بەهاییە، بەو شێوەیەی ئێمە دروستی دەکەین بەرپەرچدانەوەی ژیانی ئێمەیە — نۆرمان فۆستەر

18

تەلارسازی مەیدانێکی ڕاستەقینەی شەری ڕۆحە ـــ لودویگ میس

19

تەلارسازی تەنیا بابەتێکی تیۆری نییە ئەگەر تۆ حەز بە دروستکردنی تەلارەکە بکەیت، بەڵکو هونەرێکی چاوەڕێ کراوە ــ پۆڵ ڕیدۆف

20

تەلارسازی ئەندازەییە ــ ئەڵڤارۆ سیزا

21

تەلارسازی دەربارەی بەرەپێشبردنی بارودۆخەکانە: ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، وە هەندێک جاریش لایەنی ڕامیاریش ــ ئاریۆن ئۆستێرییان

22

تەلارسازی تەنها یەک شت نییە، تەنها هونەر نییە.... پێوسیتە لەگەڵ بارودۆخی ڕاستەقینە مامەڵە بکات، پێویستە شتێکی باشبێت بۆ کۆمەڵگا ــ ڕیچارد ڕۆگێرس

23

تەلارسازی زیاترە لە تەلارێک کە لەسەر شوێنێک دروستدەکرێت، بەڵکو نوێکردنەوەی هەمان شوێنی تەلارەکەیە ــ سیان لالی

24

تەلارسازی زمانێکە: دیزاینە نوێیەکان پێویستە پابەندبن بە یاسا ڕێزمانییەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە نەگونجان لەو پێکهاتەیەی هەیە ــ پرینس چارڵس

25

تەلارسازی دروستنابێت لەسەر چیرۆکی سەیروسەمەرە، دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی چۆن خەیالی دەکەی و چۆن دێنیتە بەرچاوتەوە و دروستیدەکەیت ــ ماتیو ئۆفمان

26

تەلارسازی ڕێگایەکە بۆ خزمەتکردنی کایەکانی دی لە ڕێگای دیزاینکردنێکی تەندروستەوە ــ کیڤن جەی سینغ

27

تەلارسازی لەهەر شوێنێک بێت هەوڵێکی ئاڵۆزە، کارێکی دەگمەن ئەنجام دەدەت بە هاوپێچکردنی هەموو بەشەکانی پرۆژەیەک کە پێویستە پێکڕا کاربکەن و بەرەوپێشەوەی ببەن لەهەمان کات و ساتدا بۆ دروستکردنی پرۆژەیەک ــ ڕووم کولهاس

28

نیازی تەلارسازی تێپەڕبوونە بەسەر داواکارییە سەرەتاییەکان بۆ ژیان پەناگە و ئارامی کە بە شێوەیەکی هونەرییانە دێتە بوون ئارا ــ جەی ئەی پریتزیکەر

29

تەلارسازی تاکە هونەرە کە ناتوانیت هاوکارییت بەڵام هەستیپێدەکەیت. دەتوانیت لە تابلۆیەکان دووربکەویتەوە، دەتوانیت لە مۆسیقا دوربکەویتەوە. تەنانەت دەتوانیت لە مێژووش دووربکەویتەوە. بەڵام بەختێکی باشت دەوێت بۆ ئەوەی لەتەلارسازی دووربکەویتەوە ــ فیلیپۆ داڤیرۆ

30

تەلارسازی بەبەردبووی ساتێکی ڕۆشنبیرییە ــ جۆن نۆڤل

31

کاتژمێری زۆر و ژیانێکی درێژ تەلارسازی تایبەتمەندە بە ئارامی و تەمەنێکی درێژ: فێرکاری درێژ، مەشقردنی درێژ ــ کاترین سلێسەر

32

تەلارسازی تێکەڵەی شتانێکی لەگەل یەک نەگوونجاون ــ جوهانی پالسما

33

تەلارسازی بە چەندین شێوە جۆرێکی دیاریکراوە لە خەیاڵی زانستیی، ژانەرێکی تایبەتە لە بیرکردنەوەیەکی تێرامان ــ ئاریۆن ئۆستێرییان

34

تەلارسازی بەرێژەیەکی زۆر ناپەیوەستە بەە ژمارەی زۆری دانیشتوای جیهان لەبەرئەوەی تەلارسازان هەڵدەبژێرن کە چۆنبێت ــ بروس ماو

35

تەلارسازی کەمتر بەستراوەتەوە بەیەک دیوارەوە یان دیوارێکی ڤیتبووەوەی ئاسۆیی، بەڵکو زیاتر بەندە بە سەوزایی و شوێنە گشتییەکان بەشێوەیەک بگونجێت لەگەڵ شارەکە ــ ئەلیسا واڵکەر

36

تەلارسازی زۆر جار سەرکەوتنە بە سەر پرۆسەی درووستکردنی تەلار ــ سام جاکۆب

37

تەلارسازی دەتوانێت ڕەخنەی کاریگەر و قوڵ بگرێت لەسەر ئەو بارودۆخەی کە دەگوزەرێت ــ ڕەینهۆڵد مارتن

38

تەلارسازی بارستاییەکی گەورەی دیارە لە بۆشاییدا.بوونی پەیوەستە بە کارلێکردن لە هەمووان(بوونی کاریگەرە بەسەر هەمووان) ــ گەوتەم بادییە

39

تەلارسازی تەنیا دروستکردنی تەلارێک نییە، بەڵکو باشترکردنی چۆنیەتی ژیانی مرۆڤەکانە ــ دیبێرۆ فرانسیس

40

تەلارسازی ئەزمونێکی بەرجەستەییە، پێویستە ببینرێت و دەستیلێبدرێت بۆ ئەوەی بە تەواوی لێیتێبگەیت ــ نیکۆلی ئۆریۆسیف

41

تەلارسازی بەڕاستی دژوارە، من بەو زوانە بۆم دەرکەوت، تەلارسازی وەک مۆسیقاییە، دەتوانیت چێژیلێببینیت، بۆزانینی ئەمە، ئەمە چیرۆکێکی جیاوازە ــ دیانا ئاگریست

42

تەلارسازی لە توانایدایە هەموو شتێک هەڵبمژێت و بتوێتەوە لەهەموو شتێک ــ ئۆلێ بۆومان

43

تەلارسازی تەنیا نەبەستراوەتەوە بە لایەنی تەکنەلۆژی یان جوانییەوە، بەڵکو چوارچێوەیەکە بۆ ستایلی ژیان _ لەگەڵ بەخت، ڕێگەیەکی زیرەکانەییە بۆ ژیان
— بێرنارد رۆدۆفیسکی

44

تەلارسازی بوارێکە دەکرێت حەزێکی فرەچەشنت هەبێت، دەکرێت تۆ فەیلەسوفێک، جوگرافیناسێک، زانایەک، هەنەرمەندێک، یا ئەندازیارێک بیت؛ جا دەتوانیت هەستیار بی بەرامبەری — تۆشیکۆ مۆری

45

تەلارسازی دەبێت هەوڵێکبێت بۆ ئامانجێکی بەرز — ستانلی تایگەرمان

46

تەلارسازی بەرچاوترین هونەرە وە هاوڵاتییان ڕەخنەگری  توندن — ئیریک پاری

47

تەلارسازی شێوە سازییە، چارەسەری کێشە و دروستکردنی ژینگەیەکەی دروستە، وە پیشاندانی جیهانی ئەزموونیەتی — ئیدا لویس هاکستەبڵ

48

خواستی تەلارسازی بۆ تەواوکردنی سروشتە، تەلارسازی ڕاستەقینە سروشتێکی زۆر جوانتر دروستدەکات_ئەمەیە وا دەکات بەهێزبێت — کڵاودیۆ سلفسترین

49

تەلارسازی زیندووە و هەمیشەییە چونکە پێکدێت لە ئێمە پێناسی بۆشایی دەکات و بۆشاییەک کە بەناوی دادەچین، لێیدەردەچێن و بەکاریدەینن — ڕیچارد مایەر

50

تەلارسازی مامەلەیەکی تەواو تایبەت نیە لەنێوان تەلارساز و بریکار، بەڵکو کاریگەری لەسەرکۆمەڵگا هەیە، بۆیە هەموو کەسێک پێویستی بە تێگەیشتنێکی ڕوونە — بلێر کامین

51

تەلارسازی هونەرێکی کۆمەڵایەتییە، ڕەچاوکردنی هونەرێکی کۆمەڵایەتی، بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی ئێمەیە کە بەرەوپێشەوەی ببەین نەوەک تەنها لەلایەنی نەخشەسازی بەڵکو دەبێت ئاسودەیەکی دەرونیشبێت — ساموێل مۆکبی

52

تەلارسازی زۆر گرینگترە لەوەی تەنیا بۆ کەسێک جێبهێڵرێت — سارا ویگلیسووۆرس

53

تەلارسازی بریتی نییە لە پەیوەندییەکی تایبەت، تەنانەت خانوش خزمەتی هەموو خێزانەکە و هاوڕییەکانی دەکات، زۆرینەی باڵەخانەکانان لەلایەن هموو خەڵکەوە بەکاردێن گەر بیناییەک پێداویستییەکانی خەڵک دابین بکات ئەوە لەسەر تەلارسازەکە پێویستە کە خاڵی هاوبەش بۆ بدۆزێتەوە لە تێگەیشن و ئەزموون — جۆن پۆرتمان

54

تەلارسازی پارچەیەکی بچوکە لە هاوکێشەکانی مرۆڤدا، بەڵام بۆ ئێمە کە لەناو بوارەکەداین باوەڕمان بەتوانایەتی (تەلارسازی) بۆ درووستکردنی جیاوازی بۆ ڕۆشنبینی و دەوڵەمەندکردنی ئەزمونی مرۆڤ، بۆ بڕینی بەربەستی هەڵە تێگەیشتنەکان و دابینکردنی ناوەرۆکێکی جوانە بۆ درامای ژیان — فرانک گێری

55

تەلارسازی زیاتر پەیوەستە بەبیرۆکەوە لە مادە ـــ چینوین ما

56

تەلارسازی تەنها بۆ پرۆژەی گەورە و دیارنییە وەک مۆزەخانە، بەڵکو بۆ ئەو کوخانەشە کە دەکەونە دەوروبەرییەوە ـــ وان ڕامۆن دراسوارە

57

تەلارسازی شەرمنە لەسەر ڕاستی ـــ ڤاوتەر ڤانستیپهاو

58

تەلارسازی تەنیا پاشخانە، جوانی تەلارسازی لە بەیەکەوە گرێدان و دروستکردنی پێکهاتەی کۆمەڵگاییە ـــ بێن ڤان بێرکڵ

59

تەلارسازیی دەربارەی هیوایە، دەربارەی گۆڕانکارییە_ژیان چالاکتر دەکات ـــ لارس لیرەپ

60

تەلارسازی پیرۆزکراوە و نەفراتکراوە بە دووریەکی زیاتر لەوەی کەسایەتیە گەورەکانی تەلارسازیش بتوانن چۆن لەگەڵی هەلسوکەوت بکەن: سێیەم لەگەڵ بۆشایی گونجاو، چوارەم ئاهەنگێکە کە گەشتی بەناو دادەکەیت، وەسف ناکرێت، لەولاوە—پێنجەم سود، دەڵێین حەفتەمین قەزییەی بەختەورییە یازدەهەمینیش شومە ـــ فلیپ نۆبڵ

61

تەلارسازیی ئالۆزیەکە دەبێت بپارێزرێت ـــ جۆن نۆڤێڵ

62

تەلارسازی مەزنە بە قەدەر ئاوات و ویستی کۆمەلگاکەی ـــ لیسا ڕەشان

63

تەلارسازی وەک وێنەیەک بۆ دۆرییان گرەی دەردەکەوێت، دەتوانێت لەناو کۆمەڵ بە جوانی دەرکەوێت وەلە هەندێک شوێن و بینیندا دەکرێت خراپ دەربکەوێت ـــ لانس هۆسی

64

تەلارسازی لەبارەی هۆکارەوەیە، ڕاستە ـــ ئاڵفرێد کاڵدوێڵ

65

تەلارسازی پێشەیەکە لە گەشبینی ـــ جۆهانا هێرم

66

تەلارسازی بریتییە لە دەستکاریکردنی ڕووناکی: ڕووناکی سروشتی و ڕووناکی دەستکرد ـــ تۆم کۆندیک

67

تەلارسازی وا دەردەکەوێت قوسایيەکی زۆر هەڵبگرێت لە زۆربەی کێشەکاندا
— پاتریکا پاتریکاو

68

تەلارسازی ئامانج بییە تەلارسازی هاتووە بۆ ژیان و دڵخۆشی، بۆ کار و خەڵک، لە چوارچێوەی وێنەکەیە> نەک وێنەکە — ولیام ویستەر

69

تەلارسازی تۆپێکی ڕوونە لە کولتووری کۆمەڵگا — ئالان بارفۆڕ

70

تەلارسازی زۆر لەوە زیاترە کە نمایشێک دروستبکەین لە شەقامەوە، ئەمە بریتییە لە دروستکردنی ژینگەیەک بۆ ژیانکردن — دیۆن نۆترا

71

تەلارسازی پرۆسەی وەرگێڕانە — فێرنادۆ ڕۆمیرۆ

72

تەلارسازی بە تەوای ڕێڕەوێکی تەنگە، خولیایەکی بازرگانییە — نیکۆلاس گریشمۆ

73

تەلارسازی بریتییە لە ژڵەژاندنی ئەوەی کە جیاواز بێت، وە تواناکانی دەردەخات کە چۆن دڵخۆشێ دروستدەکات، وەک ئەوەی کە داواکردنی هەموو چارەکانمان دۆزرابێتەوە ــ ئالەدین دێ بۆتن

74

تەلارسازی بریتییە لە جۆرێک لە سەمای باڵێی شارستانی ــ ئارۆن بێتسکی

75

تەلارسازی بریتییە لە مێژووی شێوازەکان کە لایەن براوەکانەوە نوسراوەتەوە ــ هەلبێرت موشامپ

76

تەلارسازی دەستپێدەکات لە براوەبوون بە سروشتی ڕاستی و فیزیای، جۆریەتییەکی تایبەتە بۆ یەک شت، بریتییە کە ماددە، پوختەکردنن، وردەکاری لەسەروو هەموویانەوە ــ کەستەر ڕاتبریی

77

تەلارسازی هەمیشە هاوتا نیە لەگەڵ باڵەخانە ــ فرانسیسکۆ مانگادۆ

78

تەلارسازی ئاڵۆزە هەروەک شتە ئاڵۆزەکانی تر، وەک لەسەر ڕوو کەوتنی ڕووناکی وایە لەدەرەوە ــ گەی هارتن

79

تەلارسازی دەستپێدەکات لە بەیەک گەیشتنی خەیاڵ و ژیان — کازۆ سیجما & ڕوی نیشیزاوا

80

تەلارسازی گەشتێکی خۆی باوەڕپێنەکراوە، تۆ شتەکان جێ بەجێدەکەیت، تۆ دروستییان دەکەیت، تۆ سەیرییان دەکەیت، لەبەر ئەوەی من چێژ لە ژیان دەبینم و هیچ برینێک نییە — ستانلی تایگیرمان

81

تەلارسازی بریتییە لە بوارێکی نامۆ، چونکە ئێمە هەمیشە هەوڵدەدەین بیسەلمێنین کە بۆچی دیزاین گرینگە، بۆ هەموو کاتێک، ئەمە شەکەتییەکی زۆرە — ئامێڵ ئاندرۆس

82

تەلارسازی وەک نەبوونی جێگیری وایە چۆن دروستی دەکەیت، تەلارسازی لە بارەی بۆشاییەکەوە چۆن چۆن دەیبرێت، تەلارسازی وەک شوێنێکی ناتەندروست وایە کە چۆن دەبێت بژییت لە ناویدا — جیۆف مانۆڤ

83

تەلارسازی هونەر و بەدواداچوونی پراکتیکە پێکەوە، وە پیشکەش هەمیشە دابەش دەبێت لە نێوان ئەوەی کێ تەرکیز دەکاتە سەر هونەر کە ئەمە دیزاینێکی پاکە (تەندروستە) وە ئەوانەی کە کاری دەکەنە پێشینە — پاوڵ گۆڵدبەرگر

84

تەلارسازی یەکێکە لە وێنەدانەوەکانی جێبەجێکردن لە شارستانیدا — چاڕل رۆس

85

تەلارسازی پیشەیەک نییە بۆ ئەو کەسانەی کە متمانەیان بە خۆیان نییە، ئەوانەی کە زوو بڕیار دەگۆڕن، یاخود ئەوانەی کەم دەژین — مارتن فیلەر

86

تەلارسازی کارێکی زۆر مەترسیدارە، ئەگەر نوسەرێک کتێبێکی خراپ بنوسێت، ئەوا خەڵک نایخوێنێتەوە، بەڵام ئەگەر تەلارسازیەکی خراپ دروستبکرێت، تۆ قێزەونیەک دروستدەکەیت لە شوێنێکدا کە بۆ هەزاران ساڵ دەمێنێتەوە — ڕێنزۆ پیانۆ

87

تەلارسازی بریتییە لە زانستێکی پزیشکی بۆ هەموو کاتێکی هاوچەرخ — فۆرێنسیک

88

تەلارسازی بریتییە لە ڕژێمێک کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ شێوەکردن و تێپەڕاندنی بەربەستەکان بە شێوەیەکی ڕوونتر درێژکردنەوە و سنووردارکردنی ئازادیەکان — ئێراندی دێ & ئێ سێن بەیلی

89

تەلارسازی خۆش و سەرنجڕاکێشە، بەڵام لەخۆیەوە هیچ مانایەک نادات — ماسیمیلیانۆ فۆکاس

90

تەلارسازی بریتییە لە هونەرێک، کە هەتاوەکو ئێستا بە دەگمەن سەرنجەکانمان چڕکردۆتەوە لەسەر بیناکان، وەک ئەوەی کە کردوومانە لەسەر کتێبەکان، نمایشەکان، وێنەکان — ویتۆڵد رایبسیزینکی

91

تەلارسازی ڕێکخراوە و تێودەگلێت لەگەڵ سیستەمی چاودێریکردن و دەستبەسەرەداگرتن — ئیریک هۆویلێر

92

لە سەدا 90ی تەلارسازی بازرگانییە و لە سەدا 10ی هونەرە — ئەلبێرت کان

93

تەلارسازی لەوانەیە زیاتر بابەتێک بێت بۆ بیردۆز دانان، پشکنینی ئاگایی و دەروونی بە ئازار بە بەراورد بە جۆرەکانی تری هونەر — پاوڵ گاپ

94

تەلارسازی داهێنانە — ئۆسکار نەیمار

95

تەلارسازی هەمیشە بابەتێکی سیاسییە — ڕیچارد ڕۆجەر

96

تەلارسازی بریتییە لە چوارچێوەی مێشک، ئەمە دەربارەی بیرۆکەیە، ئەم پیشەیە بریتییە لە ئەوەی کە چۆن ئەم بیرۆکانە بیگوازیتەوە بۆ جیهانی ڕاستەقینە — کریستۆڤەر جانیی

97

تەلارسازی ئەندامێکی چالاکە لە کارلێکردن لەگەڵ مرۆڤەکانی ناویەوە — جۆناسان سی مۆلۆی

98

تەلارسازی تەنها لە بواری خۆیی پێشناکەوێت بەلکو بەردەوام دەستکەوتی هەیە لە بوارەکانی تریش — مایا ئێنگلی

99

تەلارسازی یەکەمین و سەرەکیترین بابەتە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤەکان و کۆمەڵگا، ئەمە بەرپرسیاریەتی تەلارسازەکانە، کە دیزاینی بیناکان بکەن بە جۆرێک کە مەبەستە پراکتیکیەکان جێبەجێبکەن، مرۆڤەکان پێکەوە کۆبکەنەوە، وە پەیوەندی بە ئێمەوە بکەن بۆ جیهانی سروشتی، بۆ پارێزگاریکردن لە سەرچاوە بەنرخەکان — ستیڤن ئێرلچ

100

تەلارسازی بریتییە لە دروستکردنی شوێنێک لە گەردوون، بریتی نییە لە بەکارهێنانی لاسایکردنەوەی ڕاستییەکی پەککەوتوو — ستیفانۆس پۆلیزۆدیس

101

تەلارسازی موڵکی گشتییە، هەروەها بریتییە لە بانگێشتکردنی هەموو تێڕوانینە گشتییەکان — ڕید کرۆلۆف

102

تەلارسازی بریتی نییە لە دروستکردنی تازەگەری، زیاتر لە بارەی ئەوەوەیە کە پێویستە پێداویستی و داخوازییەکان دابینبکات — ئاندری تاڤارێز

103

تەلارسازی هاوشێوەیە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕێکلام بۆ براندێک — پاتریسکۆ بێرتێلی

104

تەلارسازی تەنها بریتی نیە لە گونجاندنی هەموو داخوازییەکان، بەڵکو ئەم لە ڕێگایەکەوە دەیکات کە برتییە لە هاندانی دەرخستنی ژیان — بیارک ئەنگڵس

105

تەلارسازی کراوەیە بە ژیان، ئەگەر لاشەی زۆر هەستیار بێت، دەتوانێت کوالێتییەک دەستخبخات کە گەواهی بدات لەسەر ژیانی پێشوویان — پیتەر زومسۆر

106

تەلارسازی نەرمە (دەتوانرێت شێوەی هەمەچەشن بێت) — کریستۆف ئۆدیکۆ

107

تەلارسازی تێکەڵەیەکە لە زانست و خەیاڵ — وینی ماس

108

تەلارسازی هونەرێکە کە ئێمە هەمیشە بەرەنگاری دەبینینەوە، زۆر هۆگرانە، زۆر بەوردی چونکە هەم پێویستە و بەئەرکە بۆ ژیان، ئەوە قورسە کە بەوردی بڕیاربدەیت کە لە کوێدا هونەر لە بیناکان دەستپێدەکات — جۆناسان جۆنس

109

تەلارسازی بازرگانییەکی ئیلهام بەخش نییە، ئەمە کردارێکی هۆشیارانەیە بۆ دروستکردنی شتی گونجاو و ژیارانە و جوان، ئەمە هەموویەتی — هاری سێیدلەر

110

تەلارسازی بەکاردەهێنرێت لە لایەن سەرکردە سیاسییەکانەوە بۆ فریودان، کاریگەربوون، وە بۆ تۆقاندن — دیان سودجیک

111

تەلارسازی بیرۆکەیەکە لە بارەی ڕەچاوکردنی هەموو لێکۆڵینەوەکان — بی.دی. ئۆرسام

112

تەلارسازی بریتییە لە بەخشینی فۆڕم بە شوێنێک کە مرۆڤی تێدا دەژێت، ئەم زانستە لەوە ئاڵۆزتر نییە و لەوەش سادەتر نییە — ئەلیخادرۆ ئارییینا

113

بە شێوەیەکی گشتی تەلارسازی پەیوەندییەکی لاوازی هەیە لەگەڵ شتەکان وەک فیلم، جلوبەرگ و بەرهەمەکانی دیزاین، بیربکەوە ئەمە لە لایەنی ئابوورییەوە زۆر گرینگترە، لەبەر هەندێک هۆکار ئەمەیە کە هەندێکجار ناگەیت بە تێگەیشتن — تامسی تۆمسن

114

تەلارسازی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و جومگەدارە، بەڵام ئەگەر هاتوو تۆ پرۆسەکەت لەدەستدا، وەک ئەوەی کە تەنها فۆڕم بهێڵێتەوە، ئەوا تۆ ناوەڕۆکی لایەنی تەلارسازییە پڕاکتیکیەکەت لەدەستداوە — ئەندری تاڤرێز

115

تەلارسازی وەک ژیان واییە، مادەیەکی گرینگە لە نێوان بابەتی و پەیوەستبوون — پاوڵ گۆڵدبەرگر

116

تەلارسازی هۆنراوەیەکی پڕاکتیکیە — بیارک ئەنگڵس

117

تەلارسازی یەکێکە لە ئەو ڕژێمانەی کە هیچ کورتکردنەوەیەکی بابەتی تێدانییە — فلیپی میسا

118

تەلارسازی زۆر گەورەترە لە تەنها باڵاخانەیەک، ئەو سترەکچەرانە دەتوانیت خەڵکی هان بدات بۆ کاری باش — فیسیک جۆنسن

119

تەلارسازی بریتییە لە کۆکراوەی هەموو ئەو گفتوگۆیانەی کە دەبێت بکرێت — گەی هارتن

120

تەلارسازی هەمیشە گۆڕانێکی کاتییە لە نێوان بۆشاییەکان لە شارەکان، لە سروشت، ئێمە هەمیشە وابیردەکەینەوە کە هەمیشەییە، باڵام هەرگیز نازانین — جیین نۆوڤڵ

# 121/ پێناسەی تۆ چییە بۆ تەلارسازی؟

# سەرچاوە

Arch Daily__121 Definitions of Architecture

https://www.archdaily.com/773971/architecture-is-121-definitions-of-architecture

# 121
# پێناسەی تەلارسازی

"تەلارسازی ڕاستەقینە
تواوەتەوە لە نێو کات و شوێن بۆ
نموونە بینایەک لە بەڕازیل دروست دەکرێت
جیاوازە لەگەڵ بینایەک کە لە چین دروست
دەکرێت، دەکرێت هەندێک شتیان لێک بچێت بە
بۆنەی سەردەمی بە جیهانبوونەوە بەڵام لە ناوەڕۆک
جیاوازن هەر تەلارێک کە دروستدەکرێت تایبەتمەندی
خۆی هەیە و ڕەچاوی ئەم کەشەی دەکرێت کە لێیەتی،
ئەمەیە وایکردووە کە ڕوانین و تێڕامانی تەلارسازان
بۆ تەلارسازی جیاواز بێت، لەم نامیلکەیە ئاشنای
121 پێناسەی جۆراو و جۆر دەبیت کە
تەلارسازان کردوویانە بۆ بواری
تەلارسازی"

ئامادەکردن:

دۆستی دڵشاد
ڕاستی کاوێس
ڤەهێڵ ئاسۆ